# وەقایعی کوردستان

ڕۆژنامەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد هەفتانە دەری دەکات

ژمارە (١١٥) چاپی یەکەم سالی دەیەم ٩/ئاب/٢٠١٠ زاینیی ٢٨/خەرمانان/٢٧١٠ کوردی ٢٨/شعبان/١٤٣١ کۆچی

115

Waqayi Kurdistan

## لەم ژمارەیەدا:


- یاسای ژمارە (٥)ی سالی ٢٠١٠ — ل ١-٧
  یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان - عێراق سالی ٢٠١٠
- یاسای ژمارە (٦)ی سالی ٢٠١٠ — ل ٨-١٤
  یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان - عێراق سالی ٢٠١٠
- یاسای ژمارە (٧)ی سالی ٢٠١٠ — ل ١٥-١٦
  یاسای هەموارکردنی یاسای ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٤)ی سالی ١٩٩٢


ناونیشان: هەولێر-چوار ڕیانی عەنکاوە باڵەخانەی وەزارەتی داد..
☎ (٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٠٧٥٠٤٧٢١٨٤٢ - ٢٢٤٥٥٠٨)

نرخی ٧٥٠ دینارە

http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region Government (KRG), Publishing by Ministry of Justice.

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لحكومة إقليم كوردستان- تصدر اسبوعياً من قبل وزارة العدل

العدد (١١٥) الطبعة الاول السنة العاشرة ٩/أب/٢٠١٠ ميلادي ٢٨/خەرمانان/٢٧١٠ كوردي ٢٨/شعبان/١٤٣١ هجري

في هذا العدد:

115


- قانون رقم (٥) لسنة ٢٠١٠ — ص ١٧-٢١
  قانون وزارة المالية و الأقتصاد لأقليم كوردستان – العراق لسنة ٢٠١٠
- قانون رقم (٦) لسنة ٢٠١٠ — ص ٢٢-٢٧
  قانون وزارة الزراعة و الموارد المائية في إقليم كوردستان – العراق لسنة ٢٠١٠
- قانون رقم (٧) لسنة ٢٠١٠ — ص ٢٨
  قانون الهيئة المستقلة لحقوق الانسان في إقليم كوردستان – العراق لسنة ٢٠١٠


No.:115 Date: August, 9, 2010 Vol.: 10

http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

السعر ٧٥٠ دينار

العنوان : اربيل- تقاطع عينكاوه- بناية وزارة العدل.
☎ (٢٢٤٥٥١٤- ٠٧٥٠٤٧٣١٨٤٢- ٢٢٤٥٥٠٧ - ٢٢٤٥٥٠٨)

## بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بەناوی گەلەوە
## بڕیار
## ژمارە ( ٥ ) ساڵی ٢٠١٠

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لەبڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوە و ، بەپاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٦) لە ٢٠١٠/٤/٢٦ بڕیارماندا بە دەرکردنی :

## یاسای ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠١٠
## یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان - عێراق

**ماددەی یەکەم :**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە لەم یاسایەدا ماناکانی بەرامبەریانە لەم یاسایەدا :

**یەکەم :** هەرێم : هەرێمی کوردستان – عێراق .

**دووەم :** وەزارت : وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم .

**سێیەم :** وەزیر : وەزیری دارایی و ئابووری هەرێم .

**چوارەم :** بریکار: بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم .

**پێنچەم :** ئەنجومەن : ئەنجومەنی وەزارەت .

**ماددەی دووەم :**

ئامانجی وەزارەت دانانی بنچینە گشتییەکانی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی دەرامەتی دارایی و ئابوورییە و چاودێری گونجانی هەڵسوکەوتەکانی و وەدیهێنانی چاکترین بەکارهێنانی دەکات و بنچینە و ئاراستەکانی پلاندانانی دارایی و ئابووری هەرێم دادەنێت و چوارچێوەی گشتی بەرفراوانی رەگەزەکانی (العناصر) پلانی دارایی و ئابووری لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی و پلانی گەشە پێدانی بۆ هەرێم دەست نیشان دەکات ٠

**ماددەی سێیەم :**

**یەکەم :** وەزیر : سەرۆکی باڵای وەزارەتەکەیە و ، بەرپرسی ئاراستەکردنی ئیشە کانێتی و ، سەرپەرشتی و موراقەبەی چالاکییەکانی دەکات و ، بڕیار و ڕێنمایی و فەرمانەکان لە هەر شتێکدا پێوەندیی بەکارەکان و پێکهاتەکان و کاروباری دیکەی ئیداری ودارایی و ڕێکخستنەوە هەبێت لە چوار چێوەی حوکمەکانی یاسا و پێڕۆ و ڕێنمایی بەرکاردا ، هەمووی لەلایەن وەزیرەوە دەردەچێت و ، وەزیر بەرپرسە لەبەردەمی ئەنجومەنی وەزیراندا چونکە خۆیشی ئەندامێکی هاوکارە لە ئەنجومەنەکەدا ، بۆیشی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی بە بریکاری وەزارەتەکە ، یان بەڕێوەبەرە گشتیەکانی ، یان بەو کەسەی بە گونجاوی دەزانێت بسپێرێت و هەماهەنگی لە گەڵ بانکی ناوەندی عیراقدا لەهەموو ئەو کارانەدا دەکات کە پەیوەندییان بەرێکخستن و نەخشەی ی سیاسەتی نەقدی و بانکداری (الصیرفة) هەیە و سەرپەرشتی لقەکانی بانکی ناوەندی عیراقی لە هەرێمدا دەکات ٠

**دووەم :** نووسینگەی وەزیر : فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتیی دەکات بە ئەزموون و لێهاتوو بێت ٠ ئەو ئیش و کارانە دەگرێتە ئەستۆ کە وەزیر پێی دەسپێرێت و بەرپرس دەبێت لە ڕێکخستن و پاراستنی تۆمارەکان و نامە ونامەکاریی تایبەت بە وەزیر و ژمارەیەکیش فەرمانبەر یاریدەی دەدەن ٠

**سێیەم :** بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و پشکنینی دارایی : ڕاستەوخۆ بە وەزیرەوە پەیوەست دەبێ و کاری چاودێری ناوخۆی وەزارەتەکە و فەرمانگەکانی سەر بەو دەگرێتە ئەستۆ هەروەها لە حاڵەتی گزی (اختلاس) یان دەسکاریکردنی پارەی گشتیدا کاری لێوردبوونەوە و پشکنینی هەموو فەرمانگەکانی هەرێم بەجێ دەهێنی چاودێری و چۆنێتیی دەسکاریکردنیان دەکات فەرمانبەرێکیش سەرۆکایەتیی دەکات کە پلەکەی لە پلەی بەڕێوەبەر کەمتر نەبێت و ، بڕوانامەی زانکۆیی هەبێت و ئەزموودار و پسپۆڕ بێت ٠

**چوارەم :** بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن : ڕاستەوخۆ بەوەزیرەوە پەیوەست دەبێ و فەرمانبەرێك سەرۆکایەتیی دەکات کە پلەی لە بەڕێوەبەر کەمتر نەبێت و ، بڕوانامەی زانکۆیی هەبێت و ئەزموندار و پسپۆڕ بێت ٠

**ماددەی چوارەم :**

**یەکەم :** بریکاری وەزارەت : هاوکاری وەزیر دەکات لەجێبەجێکردنی سیاسەت و پلانی وەزارەتەکە و سەرپەرشتی کاروبارەکانی و ئەو دەسەڵاتانە دەکات کە وەزیر پێی دەسپێرێ ٠

**دووەم :** نوسینگەی بریکاری وەزارەت : فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتیی دەکات ، بە ئەزموون و لێهاتوو بێت ، ئەو کارانە دەگرێتە ئەستۆ کە بریکار پێی دەسپێری ٠

**سێیەم :** بنکەی مەشق و پەرەپێدانی دارایی و کارگێری و ئابووری : فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و شارەزا و پسپۆر بێ و ژمارەیەك فەرمانبەر یارمەتی دەدەن ٠

**ماددەی پێنچەم :**

دەستەی راوێژکاران : دەستە کە لەم چوار راوێژکاری بەئەزموون و پسپۆڕ پێك دێت کە لانی کەم بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆییان لەم پسپۆرییانەی خوارەوەدا بەدەست هێنا بێت :

١- کاروباری کارگێری و دارایی .

٢- کاروباری بانق .

٣- کاروباری ئابووری و بازرگانی .

٤- راوێژکار لە کاروباری یاسایی .

**ماددەی شەشەم : ئەنجومەن :**

١- لە وەزارەتەکەدا ئەنجومەنێك بە سەرۆکایەتی وەزیر پێکدەهێنرێت و ، هەریەکە لەمانەی خوارەوەشی تێدا دەبن :

أ- بریکاری وەزارەت ئەندام دەبێت .

ب-راوێژکارەکان ئەندام دەبن .

ج- بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت ئەندام دەبن .

د- هەر پسپۆرێك لە ناوەوە یان لە دەرەوەی وەزارەتەکە ، کە وەزیر بیەوێ لە کاتی پێویستدا داوای هاوکاری لێ بکات بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێ .

٢- ئەنجومەن گفتوگۆی پلانە گشتییە کەی وەزارەت و پەسند کردنی و ، بەدواداچوونی جێبەجێکردنی لە ئەستۆ دەگرێ و ، سیاسەتی دارایی و ئابووری پێشنیاز دەکات و ، گفتوگۆ لەسەر راپۆرتە خولاوخولەکان لێکۆلێنەوە لەسەر ئەو کۆسپانە دەکات کە رێگری لە رەوتی کارەکانیدا دەکەن و ، چارەسەری بەکرداریان بۆ پێشنیاز دەکات و ، لە پرۆژەی یاسا و پێرۆ و ئەو رێنماییانەش دەکۆلێتەوە کە پەیوەندییان بە ئیشەکانییەوە هەیە و رای خۆیشی لە سەر هەموو بابەتێك دەدات کە پێش چاوی دەخرێت ٠

**ماددەی حەوتەم :**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان :**

بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆی هەبێ و شارەزا و پسپۆڕ بێ .

**ماددەی هەشتەم :**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی بودجە :**

بەرپرسیارێتی پلاندانان دەگرێتە ئەستۆ و بودجەی هەرێم ئامادە دەکات و ، لە پێکهاتە و قۆناغەکانی بودجەی گشتی و بەشەکانی دەکۆلێتەوە ، هەروەها بڕیاری بەرایی (الاولی) لەسەر هێزی کار (میلاك ) ی فەرمانگەکانی هەرێم دەدات و، پشتیوانەی پارەی پێویستیان بۆ زامن دەکات و ، رای خۆی لە سەر یاسا جۆربەجۆرەکانی دارایی دەردەبڕێت و توێژینەوە و ، لێکۆلێنەوەی شیکاری (التحليلية) لە سەر بارودۆخی دارایی و بودجەی بەردەست (الجارية ) بەپێی شێوازەکانی پلاندانان ئەنجام دەدات و ، رێنمایی بۆ جێبەجێ کردنی بودجە دەر دەچوێنێ و ، بەڕێوەبەرێکی گشتیش سەرۆکایەتیی دەکات کە بڕوانامەی زانکۆیی بەدەست هێنا بێت و بە ئەزموون و پسپۆڕ بێت .

**ماددەی نۆیەم :**

**بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری گشتی :**

سەرپەرشتی (السیولە) ی نەختینەی خەزینـەی گشتی و چۆنێتی دەسكاریكردنی بۆ جێبـەجێكردنی بودجـەی گشتی هـەرێم بـە هـەردوو بەشـەكەیەوە بەشـی بەردەسـت (الجـاری) و بەشـی وەبـەرهێنان لـە ئەسـتۆ دەگرێـت ، هـەروەها پەرەپێدانی سیستەمی ژمێریـاری گونجـاو بـۆ ڕێكخستنی لایـەنی دارایـی ئەنجامـەكانی جێبەجێكردنەكـەی لـە ئەسـتۆ دەگرێـــت و ، كـــۆنترۆڵی ژمێریاریـــەتی دەســـكاریكردنی دارایـــی لەســـەر هـــەموو یەكـــە جێبـــەجێكارەكان دادەنێـت و ، روونكردنـــەوەكانی ژمێریاریـــەتی بـــۆ یەكـــەكانی كـــەرتی حكـــومی كـــە لـــە مـــەر كـــەزەوە پـــارەدار دەكرێن ، دیار دەكات و ، ئەنجامەكانی بەپێی ئوسووڵی ژمێریاریەتی دەخاتە بەرچاو و سیستەمەكانی چاودێری ناوخۆ لەســـەر دەســـكاریكردنی ئـــەموالی گـــشتی پەرەپێـــدەدات و پێداویـــستەكانی ســـەركەوتنیان بـــۆ فەراهـــەم دەكـــات و سەرپەرشتیی جێبەجێكردنیان دەكات چاودێری كردنی خەرجی رابوردوو و خەرجی پـاش ئەویشەوە ، لـەو سەرپێـچییە داراییانەش دەپێچێـتەوە كە جێبەجێكردنیان بە وەزارەتە دەسپێرێت ، بەڕێوەبەرێكی گشتیش سەرۆكایەتی دەكات كە بڕوانامەی زانكۆی بەدەست هێنابێت و ، بە ئەزموون و پسپۆڕ بێت .

**ماددەی دەیەم :**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی باج و عەقارات :**

ئـــەركی بـــەڕێوەبردنی پێداویـــستیەكانی بـــاج و وەدیهـــاتنی وەرگرتنـــی لـــە ئەســـتۆ دەگـــری و ژمێریاریەتییەكـــەی رێـك دەخـات و بەدواداچـوون بـۆ قـەرزەكانی دەكـات و قـەرزەكانی و رێكـار و بنـەماكانی وەرگرتنیـان دەسـت نیـشان دەكــات ، هــەروەها مــافی موڵكداریــەتی عــەقاری لــە هــەرێم لــە بــاری جــۆر و شــوێنەوە لــە ئەســتۆ دەگــرێ و رێكــی دەخــات و تۆمــاری پێویــستیەكانی دوور لــە (بمعــزل) لایەنــە پــسپۆرەكان دەگرێتــە دەســت و بڕیارەكــانی تــەرخان كــردن و یاســاكاری تایبــەت بــە فرۆشــتن و بەكریـدانی خانووبــەرەكانی مــوڵكی هــەرێم جێبــەجێ دەكــات و، هــەروەها بــەڕێوەبردن و بــەیاناتی ئــەو خــانوو و بەرانــەش جێبــەجێ دەكــات كــە ئــەركی بــەڕێوەبردن و فرۆشــتنیان بە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەسپێردرێ و بەڕێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات كە بڕوانامەی زانكـۆی بەدەسـت هێنابێت و بە ئەزموون و پسپۆڕ بێت .

**ماددەی یازدەم :**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرك :**

جێبەجێ كردنی یاسا گومرگییـەكان ئـەو فـەرمان و بڕیـار و رێنمـایی و بەندانـە مەرجانـە لـە ئەسـتۆ دەگـرێ كـە دەزگـا جۆربـە جۆرەكـانی هـەرێم ئامادەیـان دەكـەن و پەیوەنـدییان بـە پـسپۆریەتییەكانی بەڕێوەبەرایـەتی گـشتییەوە هەیـە و ، هەروەها بنەما و مەبدەئە پێویـستییەكان بـۆ ئاسـانكردنی كـردەوەی جێبـەجێ كردنـی و دانـان و جێبـەجێ كردنـی پلانی پێویست بۆ بە رەنگـار بوونـەوەی قاچـاغ و لێكۆڵێنـەوەی یاسـا گومرگییـە بـەر كارەكـان دەسـت نیـشان دەكـات و دادەنێت ، بەڕێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات كە بڕوانامەی زانكۆی هەبێت و بە ئەزموون و پسپۆڕ بێ و ، لقـی بەڕێوەبەرایەتییەكانی گومرگی هەرێمی پێوە دەلكێ .

**ماددەی دوازدەم :**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خانەنشینی :**

یاساکانی خانەنشینی جێبەجێ دەکات و خزمەتی کارمەندەکانی هـەرێم لـە فەرمانبـەر و سـەرباز و هێزەکـانی ئاسایـشی ناوخۆ دەژمێرێ ، بۆ ئەوەی مووچە و پاداشتی خانەنشین بۆ خۆیـان و خێزانـەکیان ببڕێتـەوە و بـۆ موسـتەحەقەکانیان خەرجی بکات و ، بنەماو مەبدەئیش دادەنێ و ڕێنمـایی دەردەچوێنێ و پێشنیار بـۆ پەرەپێـدانی ئـەم یاسـایانە لەبـەر ڕۆشنایی کارەتازە پەیدا بووەکان (ما یستجد مـن امـور) بـەرز دەکاتـەوە ، هـەروەها ئـەو گیروگرفتانـەش کـە لـە کـاتی جێبەجێ کردندا لە چوارچێوەی سیاسەتی دارایی هەرێمـدا ڕووبـەرووی دەبێتـەوە ، بەڕێوەبـەرێکی گـشتی سـەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی زانکۆی بەدەست هێنـا بێـت و بـە ئـەزموون و پـسپۆڕ بێـت و بەڕێوەبەراتییـەکانی خانەنـشینی لـە هەرێمدا پێوە دەلکێ .

**ماددەی سیانزدەهەم :**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بانکە بازرگانیەکان :**

بەڕێوەبـەرێکی گـشتی سـەرۆکایەتی دەکـات بڕوانامـەی زانکـۆی بەدەسـت هێنـا بێـت و ، بـە ئـەزموون و پـسپۆڕ بێـت و ، ئەمانەی خوارەوەشی پێوە دەلکێن :

١- بەڕێوەبەرایەتییەکانی بانکەکانی ئەلرەشید .

٢- بەڕێوەبەرایەتییەکانی بانکەکانی ئەلرافدەین .

٣- بەڕێوەبەرایەتییەکانی بانکەکانی هەرێم .

**ماددەی چواردەم :**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە پسپۆرەکان :**

بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات بڕوانامەی زانکۆی بەدەست هێنا بێت و بەئەزموون و پسپۆڕ بێـت و ئەمانـەی خوارەوەشی پێوە دەلکێت :

١-بەڕێوەبەرایەتییەکانی بانکی کشتوکاڵی و پیشەسازی .

٢- بەڕێوەبەرایەتییەکانی بانکەکانی خانووبەرە .

**ماددەی پانزدەم :**

**کۆمپانیای گشتی تەئمین :**

کاری تەئمین کردن لەسەر موڵك و ماڵی گشتی و تایبـەتی لـە ئەسـتۆ دەگـرێ ، هـەروەها تـەئمین کردنـی کەسەکانیـشی بیمەی ژیان لە ئەستۆ دایـە ، ئەمـەش لـە سـایەی ئـەو یاسـاکاریانە کـە لـەم بـوارەدا بـەرکارن ، بەڕێوەبـەرێکی گـشتی سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی زانکۆی بەدەست هێنا بێت و بە ئەزموون شارەزا و پسپۆڕ بێت و لقـەکانی کۆمپانیـای لە پارێزگاکان پێوەدەلکێ .

**ماددەی شازدەم :**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی كاروباری یاسایی :**

لێكدانەوەی حوكمە داراییەكان و یاسا بەركارەكان دەگرێتە ئەستۆ و ، لێكۆڵینەوە لـە سـەر پـڕۆژەی یاسـا و ، پێڕۆكـان دەكات و ، راو راوێژی خۆیشی لە سەر ئەو مەسەلە یاساییانە دەدات كـە پێوەنـدییان بـە كاروبـاری خزمـەتی مـەدەنی و داراییەوە هەیە كە فەرمانگەكانی هەرێمەوە دەیخەنە بەردەم وەزارەت ، هەروەها شێوەی یاسـایی بـۆ گرێبەسـت و ئـەو پڕۆژە یاسا و پێڕۆ و رێنماییانە بۆ بەردەم دادگاكان ئامادە دەكات كە پێوەندییان بە ئیش و كاری وەزارەتەكەوە هەیەو بەڕێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات كە بڕوانامەی زانكۆی لە یاسادا بەدەست هێنا بێت٠

**ماددەی حەڤدەم :**

**یەكەم :** كار و پسپۆڕییەكانی پێكهاتەكانی وەزارەت بەپێڕۆیەك دیار دەكرێن

**دووەم :** وەزیر بۆی هەیە لە كاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبە بكاتەوە یان هەڵیان بوەشێنێتەوە یان یەكیان بخات ٠

**ماددەی هەژدەم :**

**یەكەم :** یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە(١٣) ی ساڵی ١٩٩٢ هەڵدەوەشێتەوە .

**دووەم :** كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێ كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆك بێ .

**ماددەی نۆزدەم :**

لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوندیدارەكان پێویستە حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن .

**ماددەی بیستەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوكردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی كوردستان ) دا جێبەجێ دەكرێت .

**مسعود بارزانی**

**سەرۆكی هەرێمی كوردستان _ عێراق**

هەولێر

٨/ تەمموزی /٢٠١٠ی زایینی

١٧/ پوشپەڕ / ٢٧١٠ی كوردی

٢٦/ رجب / ١٤٣١ی كۆچی

## هۆكارەكانی دەرچوونی ئەم یاسایە

بـــۆ یەكگرتنـــەوەی هـــەردوو وەزارەتـــی دارایـــی لـــە هـــەرێمی كوردســـتان لـــە یـــەك وەزارەتـــدا لـــە ژێـــر نـــاوی وەزارەتـــی دارایـــی و ئـــابووری بـــۆ ئـــەوەی وەزارەت بـــە ئەركـــەكانی لـــە رێكخـــستنی كاروبـــاری دارایـــی و ئـــابووری هەڵبـــستێ و چـــاودێری ســـەلامەتی دەســـتكاری كـــردن بـــە مـــاڵ و مـــوڵكی گـــشتییەوە بكـــات و باشـــترین بـــەكارهێنان بۆ دەرامەتە داراییەكانی هەرێم وەدی بهێنێ ئەم یاسایە دەرچووێندرا .

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**

**سەرۆکایەتی هەرێم**

**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ٦ )ساڵی ٢٠١٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لەبڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوە و ، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٨) لە ٢٠١٠/٦/٢٣ بڕیارماندا بەدەرکردنی :

**یاسای ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٠**

**یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

**بەشی یەکەم**

**پێناسە و ئامانجەکان**

**ماددەی یەکەم :**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ، لەم یاسایەدا ، ماناکانی بەرامبەریانە :

**یەکەم :** هەرێم : هەرێمی کوردستان – عیراق .

**دووەم :** وەزارەت : وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم .

**سێیەم :** وەزیر : وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم .

**ماددەی دووەم :**

وەزارەت بۆ جێبەجێ کردن و وەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە هەوڵ دەدات :

**یەکـــەم :** دانـانی سـتراتیجیەت و سیاسـەت و پـلان بـۆ پەرەپێـدان و گەشـەپێدانی وەبـەرهێنانی کـەرتی کـشتوکاڵی (رووەکـی و ئـاژەڵی ) بـۆ سەرچـاوەکانی ئـاوی (سـەر زەوی و ژێـر زەوی ) لـە هــەرێم بـۆ وەدیهێنــانی باشـترین بە کارهێنانی (الاسـتخدام الامثـل ) سـامانی ئـاو و، جێبـەجێ کردنـی پلانـی سـتراتیژی پێـنج سـاڵەی کـەرتی کـشتوکاڵ لە پێناو کیفایەتی خۆیی لە مەوادی خۆراکی هەرێم لە بەروبوومە کشتوکاڵیەکاندا .

**دووەم :** ئامادە کردنی لێکۆڵینەوەی سوودی هونەری و ئابووریی بۆ ئەو پرۆژانەی کە سەر بە وەزارەتن و ، ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی تایبەتی ، لەوانەش : لێکۆڵینەوەی رووپێوکردنی خاك و ، ئامادەکردنی نەخشەی بەروبوومی کشتوکاڵ و ، ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و ، دانانی نەخشەی ئەندازەییەکان و ، ئامادەکردنی بەرنامەی گەشە پێدان و ، کارکردن لەسەر سەرپەرشتی کردن و بەدواداچوونی جێبەجێکری پرۆژەکانی وەزارەت بەپێی پلانە بڕیار لەسەر دراوەکان .

**سێیەم :** دامەزراندنی پرۆژە ستراتیژییەکان لەوانەش ، دامەزراندنی بەنداو و پرۆژەی ئاودێری ، پرۆژەکانی پاراستنی سامانی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوییە بە کارهێنانی ئامێری تازە بابەت .

**چوارەم :** کارکردن بۆ رێکخستنەوەی ژێر خانی کەرتی کشتوکاڵ ، بە جۆرێك ، کە گەشە پێدانی بەروبوومی کشتوکاڵی بەهەردوو بەشەکەیەوە رووەکی و ئاژەڵی گەشە پێبدات .

**پێنجەم :** دانانی پلانی تایبەتی بۆ نەهێشتنی مەترسییەکان لافاو و ، کۆنترۆڵکردنی سێلاو (السیول) و، بەڕێوەبردنی ئاوەڕێژەی (حەوزی) رووبارەکان و ، رێکخستنی دابەشکردنی ئاو و ، رووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی و چارەسەرکردنی ئاسەوارەکانی لەسەر سەرچاوەکانی ئاو .

**شەشەم :** بنیادنانی تاقیگەو ، وێستگەی تاقیکردنەوە و ، گەشە پێدانی بنکەکانی توێژینەوەی کشتوکاڵی و ، ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی زانستی بەهاوکاری لەگەڵ زانکۆکان و ، کارکردن بۆ گشتاندنی ئەنجامی توێژینەوەکان و گەیاندنیان بە جوتیاران لە رێگەی دامودەزگاکانی رێنماییکردنی کشتوکاڵییەوە ، بەمەبەستی پەرەپێدانی چەندایەتی و چۆنایەتیی بەرهەم .

**حەوتـــــەم :** پێـــشنیار کـــردن و تۆژینـــەوە لـــەو ئامرازانـــەی کـــە دەبنـــە هـــۆی زامـــن کردنـــی بـــەکارهێنانی زەوی وزاری کـــشتوکاڵی و کـــارکردن بـــۆ وەبـــەرهێنانی و پاراســـتنی و چارەســـەرکردنی جـــۆری ئـــاو و پەرەپێـــدان و چـــاککردنی دامـــەزراوەکانی ئـــاودێری و خـــاك لـــە رێگـــای جـــەخت کـــردن لەســـەر جێبـــەجێ کردنـــی یاســـاکانی کشتوکاڵی و ئاو و ژینگە بە جۆرێك کە لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکاندا بگونجێت .

**هەشتەم :** جێبەجێ کردنی ئەو یاسایانەی کە تایبەتن بە چەسپاندنی مافی دەستکاری کردن لە زەوی و زاری کشتوکاڵی جوتیاران و یەکلاکردنەوەی ئەو زەوییانەی کە یەکلاکردنەوەیان تەواو نەبووە یان بڕیارەکانی چەسپاندنی مافی زەوی تیایاندا بەپێی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی پلەی کۆتایی وەرنەگرتووە .

**نۆیەم :** هەنگاونان بەرەو پێکهێنانی یەکەی گەورەی بەرهەمی کشتوکاڵ و، هاندانی یەکە بچووکەکان بە تێکەڵکردنی و یەکتر تەواو کردن (التکامل) .

**دەیەم :** کارکردن لەسەر هاندان و رێکخستنی وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵ بە هەردوو بەشەکەیەوە رووەکی و ئاژەڵی و کەرتی ئاو و پێشکەش کردنی ئاسانکاری پێویست بۆیان تا بەشداری لە گەشەکردنی کشتوکاڵی هەرێمدا بکەن .

**یازدەم :** کارکردن بۆ بووژاندنەوە و گەشە پێدان و پەرەپێدانی پرۆژەکانی سامانی ئاژەڵ و پاشکۆکانی لە هەرێمدا و پەیرەوکردنی شێوازی زانستی بۆ پاراستنی ئەم سامانە لە نەخۆشی و زیادکردنی بەرهەم و چاککردنی جۆرەکانی .

**دوازدەم :** کارکردنی بەردەوام و ، دانانی پلانی زانستی بۆ بەرەنگار بوونەوەی پەتا و نەخۆشی و درم ، لەگەڵ فەراهەمکردنی ئەو رێگایانەی کە زامنی پاراستنی دەکەن و، رێگا لە بڵاوبوونەوەیان دەگرن .

**سێزدەم:** بایەخدان بە رەز و دارستان ( سروشتی و دەستکرد ) و لەوەرگاکان و پاراستنیان ، چونکە سامانی نەتەوەیی و نیشتمانین و پیشتیوانی کردن لە شوێنە پارێزراوە سروشتییەکان .

**چواردەم :** گەشەپێدانی دەرامەتی مرۆیی و ، پێشکەش کردنی خزمەتی رێنماییکردن و، تێگەیاندنی جوتیار و رەزەوانان دەربارەی باشترین بەکارهێنانی سامانی ئاوی و، بنەماکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و ، پشت بەستن بە تەکنۆلۆجیا و پێداویستە هاوچەرخەکانی کشتوکاڵ ، بە جۆرێك کە خزمەتی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمدا بکات .

**پازدەم:** پشت بەستن بە سیاسەتی تایبەت بە بەرێوەبردنی تەواو کاری سامانە ئاوییەکان و توندکردنەوەی یاساکان و دەربەست کردنی ئەو کەرتانەی بەکاری دەهێنن بە جێبەجێ کردنی لە پێناو پاراستنی سامانی ئاوی لە هەرێمدا و کارکردن بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان یا دامودەزگا حکومیەکانی دیکە و ، هەروەها ئەو رێکخراوە حکومییانەی کەسەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانن لە پێناو پەرە پێدانی کەرتی کشتوکاڵی و سامانی ئاوی و ، ئاگادار بوون لەو رۆڵە زیندووەی کە لە وەرگرتنی بڕیارە خۆجیەتی و نیشتمانی و هەرێمی و نێودەوڵەتی سامانە ئاویەکان و راسپادەکانیدا دەیگێڕێ .

**شازدەم:** هاندانی جووتیاران بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی هەرەوەزی کشتوکاڵی پسپۆر بۆ کەرتی تایبەت و بەشداریکردنی لە پێناو دروست کردنی یەکەی بەرهەمهێنانی گەوردا.

**حەڤدەم :** هاندانی پیشەسازی خۆراك بە رێگای زامن کراو و دابین کردنی کەرەستەی خاوی کشتوکاڵی بۆ پیشەسازی .

**هەژدەم:** گرینگیدان بە سامانی ماسیی و پەروەردەکردنی مێش هەنگ .

**نۆزدەم:** پاراستنی بەروبوومی کشتوکاڵی ناوخۆ و ، دانانی سیاسەتی بازاڕکاری و هەڵگرتن (التخزینیه ) و ، بەشداریکردن لە دانانی نرخ لەسەر بەروبوومەکانی کشتوکاڵ .

## بەشی دووەم
## پێکهاتەکانی وەزارەت

**ماددەی سێیەم :**

**یەکـــەم :** وەزیـر بەرپرسی بـالاّی وەزارەتەکەیـە و ، بەرپرسـە لـە کارەکـانی و ئاراسـتەکردنی سیاسـەتەکەی و سەرپەرشـتی و چـاودێری کردنـی و، لـەوەوە و بـە سەرپەرشـتی ئـەو هـەموو بریـار و فـەرمان و ڕێنماییـەك کـە پەیوەنـدی بـە ئـەرکی وەزارەت و پێکهاتـە و دەسـەلاّتەکانی و کاروبـارە هونـەری و دارایـی و کـارگێری و ڕێکخستنەوە هـەبێ ، بـەپێی حوکمـەکانی یاسـا دەردەچێت و ، بەرامبـەر ئەنجومـەنی وەزیـران بەرپرسـە ، چـونکە خۆیـشی ئەنـدامێکی هاوکـارە تیایـدا و بـۆی هەیـە هەنـدێ لـە دەسـەلاّتەکانی بەهـەر دوو بریکـاری وەزارەت یا بەڕێوەبەر گشتییەکان یان کێ لە وەزارەت بە گونجاو دەزانێ بدات .

**دووەم :** هەر دوو بریکاری وەزارەت

أ- بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری کشتوکاڵی :

هاوکاری وەزیر دەکات بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتی و سەرپەرشتی ئەو کاروبارانە دەکات کە بەکشتوکاڵەوە تایبەتن و ئەو ئەرکانەش ئەنجام دەدات کە وەزیر لە بەڕێوەبردنی کاروباری وەزارەتدا پێی دەسپێری ، بە مەرجێ بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆی هەبێ و بە ئەزموون و پسپۆڕ بێ

ب-بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری سەرچاوەکانی ئاو :

هاوکـاری وەزیـر دەکـات لـە ئاراسـتەکردنی وەزارەت و سەرپەرشـتی ئـەو کاروبارانـە دەکـات کـە بەکاروباری سەرچاوەکانی ئاوەوە تایبەتن و ، ئەو ئەرکانەش ئەنجام دەدات کە وەزیر لە بەڕێوەبردنی کاروباری وەزارەتدا پێی دەسپێرێ ، بە مەرجێ بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆی هەبێ و ، بە ئەزموون و پسپۆڕ بێ .

**ســێیەم :** نووسـینگەی وەزیـر : فەرمانبـەرێك بـە پلـەی بەڕێوەبـەر سـەرۆکایەتی دەکـات و بـەڕێوەی دەبـات کـە بڕوانامـەی سـەرەتایی زانکـۆی بـە دەسـت هێنـا بێـت و بـە ئـەزموون و پـسپۆڕ بـێ و ژمارەیـەکیش فەرمانبـەر هاوکاری دەکەن .

**چـوارەم :** نووسـینگەی بریکـارانی وەزارت : هـەر نووسـینگەیەك فەرمانبـەرێك بـە پلـەی بەڕێوەبـەر بـەڕێوەی دەبـات کە بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆی بەدەست هێنابێ و ژمارەکیش فەرمانبەر هاوکاری دەکەن .

**پێنجـەم :** ڕاوێـژکاران : ژمارەیـان لـە چـوار تێپـەڕ ناکـات و دەبـێ هـەڵگری بڕوانامـەی سـەرەتایی زانکـۆ بـن و هەریەکەشیان لە یەکێك لە پسپۆڕایەتی و کاروبارە سەرەکییەکانی وەزارەتدا شارەزایی و کارکردنی هەبێ .

**شەشـەم :** بەڕێوەبەرایەتییـە گـشتییەکان : وەزارەت لـەم بەڕێوەبەرایەتییـە گـشتییانەی خـوارەوە پێـك دێـت و هـەر یـەکیان بەڕێوەبـەرێکی گـشتی سـەرۆکایەتی دەکـات کـە بڕوانامـە سـەرەتایی زانکـۆی بەدەسـت هێنـابێ و بە ئەزموون و پسپۆر بێت :

١- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان : تایبەت دەبێ بە کاروباری کارگێری ودارایی لـە دیـوانی وەزارەت و سەرپەرشـتی پێکهاتەکانی وەزارەت دەکات و لە چوار چێوەی پسپۆرایەتییە کەیدا بەدواداچونی ئیش کارەکانی دەکات

٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنداو و گۆماو ئاو: تایبەت دەبێ بە ئامادە کردنی پێداویستی بەنداوی گەورە و بچووکەکان وجێبەجێ و سەرپەرشتیان دەکات و وەگەڕیان دەخات و دامەزراوەکانی دەپارێزێ و رێکی دەخات و ئاو کۆدەکاتەوەو بەری دەدات .

٣- بەڕێوەبەرایەتی گشتی زەوی و زاری کشتوکاڵی: تایبەتە بەجێبەجێ کردنی یاسا بەرکارەکانی زەوی زار لە هەرێمدا و ، رێکخستن و فەراهەم کردنی زەوی و زار بۆ وەبەرهێنان و پرۆژە کشتوکاڵییەکان .

٤- بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە کانی کشتوکاڵ لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارەی تایبەتی گەرمیان : سەرپەرشتی جێبەجێ کردنی پرۆژە کشتوکاڵییەکانی پارێزگاکە دەکات و بەڕێوەبەرایەتی و لقەکانی کشتوکاڵی پێوە دەلکێ لە سنووری هەرێکێکیاندا .

٥- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان وبەدواداچون : تایبەت دەبێ بەدانانی پلانی ئاسایی و ستراتیژی وەبەرهێنان و، نەخشەش بۆ پرۆژە ئەندازەییەکان ئامادە دەکات و بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی پلانەکان دەکات و کار بۆ کۆنترۆلکردنی ئامار و هێزی کار و سیستەمەکانی زانیاری دەکات وسەرپەرشتی و بەدواداچوونی ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی خزمەتە کشتوکاڵییەکانی وەزارەت و پارێزگاکاندا دەکات .

٦- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆژینەوە و رێنمایی کشتوکاڵی: ئەرکی ئەنجامدانی تۆژینەوەی کشتوکاڵی و ئاو و رێنمایی جوتیاران و گواستنەوەی ئەنجامی توێژینەوەکان بۆ کێڵگەی جوتیاران لە ئەستۆ دەگرێت .

٧- بەڕێوەبەرایەتی گشتی رەز و دارستان و لەوەرگا: تایبەت دەبێ بە کاروباری دارستانە سروشتی و دەست کرد و رەز و لەوەرگاکان .

٨- بەڕێوبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و بەیتاڵی : تایبەت دەبێت بە سامانی ئاژەڵ و پەلەوەر و ماسی و پزیشکی بەیتاڵی .

٩- بەڕێوبەرایەتی گشتی سەرچاوە ئاویەکان : تایبەت دەبێ بەسەرپەرشتی جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی ئاوی سەر زەوی و ژێژ زەوی لەوانەش پرۆژەکانی ئاودێری و هەڵسەنگاندنی کۆگا ئاوییەکانی ژێر زەوی و لێدانی بیر و دابین کردنی ئاو بۆ مەبەستە جۆر بەجۆرەکان .

١٠- ئەنجوومەنی راوێژکاری وەزارەت کە لەمانە پێك دێت :

أ- وەزیر

ب- هەر دوو بریکاری وەزارەت

ج- راوێژکارانی وەزارەت

د- بەڕێوەبەر گشتییەکانی وەزارەت

هـ- سەرۆکی یەکێتی جوتیاران لە هەرێم

و- وەزیر بۆی هەیە نوێنەری وەزارەتەکانی دیکەی پەیوەندیدار یا شارەزایان لە دەرەوەی وەزارەت لە کاتی پێویستدا میوانداری بکات ، بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێ .

**ماددەی چوارەم :**

وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ کەسانی ئاسایی و مەعنەوی بە ئـەزموون و پـسپۆر لـە نـاوەوەی هـەرێم یـا دەرەوەی مـۆر بکـات بـۆ ئـەوەی بـەو ئەرکانـە هەڵبـستێ کـە پێیـان دەسـپێردرێ و بـۆ ئـەو ماوەیـەی کـە بـە گونجـاوی دەزانـێ پاش وەرگرتنـی رەزامەنـدی ئەنجومـەنی وەزیـران و مـاف و ئەرکەکانیـشیان بـەپێی یاسـا و رێنماییـە کـار پێکراوەکـان لەلایەن وەزیرەوە دەست نیشان دەکرێ .

## بەشی سێیەم
## حوکمە گشتی و کۆتاییەکان

**ماددەی پێنجەم :**

**یەکەم :** ئەرکی پێکهاتە و بەشەکانی وەزارەت بە پێڕەو دیار دەکرێن .

**دووەم :** وەزیـر بـۆی هەیـە هـەر بەڕێوەبەرایەتییـەك یـان لقێـك یـان بەشـێك یـان هۆبەیـەك یـان یەکەیـەك لـە چوارچـێوەی پێکهاتـەکانی وەزارەت بـەپێی پێویـستییەکانی کـارو لـە کـاتی پێویـستیدا بکاتـەوە یـان تێکـەڵ بکات یان هەڵبوەشێنێەوە.

**سێیەم :** وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێت .

**ماددەی شەشەم :**

وەزارەتـی کـشتوکاڵ و سەرچـاوەکانی ئـاو جێـی هـەر دوو وەزارەتـی کـشتوکاڵ و وەزارەتـی سەرچـاوەکانی ئـاو دەگرێتـەوە لـە هـەر شـوێنێك لـە یاسـاو پێڕەوەکارپێکراوەکانـدا هاتبێـت کـە بـە کـشتوکاڵ و سەرچـاوەکانی ئـاوەوە تایبەت بن .

**ماددەی حەوتەم :**

**یەکەم :** هەر دوو یاسـای وەزارەتـی کـشتوکاڵ ژمـارە(١) ی سـاڵی ٢٠٠٧ و وەزارەتـی سەرچـاوەکانی ئـاو ژمـارە(٩) ی ساڵی ٢٠٠٦ هەڵدەوەشێنەوە .

**دووەم :** هەموو ماف و پابەندی و کەل و پەل و میلاکاتی هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ وەزارەت دەگەرێتەوە .

**ماددەی هەشتەم :**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت .

**ماددەی نۆیەم :**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن .

**ماددەی دەیەم :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاَوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان ) دا جێبەجێ دەکرێت .

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق**

**هەولێر**
**٨/ تەمموزی /٢٠١٠ی زایینی**
**١٧/ پوشپەڕ / ٢٧١٠ی کوردی**
**٢٦/ رجب / ١٤٣١ی کۆچی**

## هۆیە پێویستەکانی دەرچوواندنی

لەبەر ئەوەی کە هەرێمی کوردستان – عیراق ، هەرێمیکی کشتوکاڵییە و ، لە سەرچاوەکانی ئاو دا دەوڵەمەندە و ، لەبەر گرنگیی ئاویش لە زۆربەی بوارەکانی ژیان و، لەبەر ئەوەش کە رۆڵێکی گەورەی لە گەشەپێدانی ئابووریدا هەیە و ، بەو مەبەستەش کە بەروبوومی کشتوکاڵ پەرەبسێنێ و چاکتر بکرێت و ، چارەسەری تەواو بۆ ئەو کۆسپانە بدۆزێتەوە کە ریگا لە چاکتر بەکارهێنانی سەرچاوەکانی توانستی سروشتی وماددی و بەشەری سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمدا دەگرن و، بەمەستی رەخساندنی کەش و هەوای لەبار بۆ بنیادنانەوەی ژێرخانی هەردوو کەرتی کشتوکاڵی و ئاو و، وەدیهێنانی خۆکیفایەتی (الاكتفاء الذاتي ) لە سەبەتەی خۆراك و ، دابینکردنی ئاسایشی خۆراك و ئاو و ، بووژاندنەوەی دێهات و گوندەکان و، لەبەر ئەوەش کە وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو کران بەیەك وەزارەت بەناوی ( وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ) و ، لە بەر ئەو گۆڕانکارییانەش کە لە پێکهاتەکەیدا روویان دا ، ئەم یاسایە دانرا.

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**
**بڕیار**
**ژمارە ( ٧ ) ساڵی ٢٠١٠**

بەپێی ئەو دەسەلاٌتەی لەبڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوە و ، بەپاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٨) لە ٢٠١٠/٦/٢٣ بڕیارماندا بەدەرکردنی :

**یاسای ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠١٠**
**یاسای هەموارکردنی یاسای ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکان**
**لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە ( ١٤ )ی ساڵی ١٩٩٣**

**ماددەی یەکەم :**

ماددەی سی و دووەم هەموار دەکرێ و ئەمەی خوارەوەی بۆ زیاد دەکرێ و دەبێتە بڕگەی (٣) بۆی :

٣– حوکمەکانی یاسای خزمەت و خانەنشینی مەدەنی کارپێکراو لە هەرێم ئەو فەرمانبەرانەی ژوورە بازرگانی و پیشەسازیانەی هەرێمیش دەگرێتەوە کە پێش جێبەجێکردنی یاسای ژمارە ( ٤٣)ی ساڵی ١٩٨٩ دامەزراون و لە خزمەت کردن بەردەوامن .

**ماددەی دووەم :**

ئەمەی خوارەوە بۆ سەر یاساکە زیاد دەکرێ و دەبێتە ماددەی سی و سێیەمی ( دووبارە) :

مافی ئەو کەسانەی کە حوکمەکانی بڕگەی (٣) لە ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لە بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی و بیمەی کۆمەلاٌیەتی سەر بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاٌیەتی بۆ بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی گشتی سەر بەوەزارەتی دارایی و ئابوری هەرێم دەگوازرێتەوە .

**ماددەی سێیەم :**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن .

**ماددەی چوارەم :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ .

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق**

**هەولێر**

**٨/ تەمموزی /٢٠١٠ی زایینی**

**١٧/ پوشپەڕ / ٢٧١٠ی کوردی**

**٢٦/ رجب / ١٤٣١ی کۆچی**

## هۆیە پێویستەکانی دەرچوواندنی

بۆ ئەوەی بەش خوراوی توێژێك لە فەرمانبەرانی یەکێتی ژوورە بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێم ، لەوانەی کە لەپێش جێبەجێ کردنی یاسایی ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٨٩ لە خزمەت کردن بەردەوامن ، هەڵبگرێت و حوکمی یاساکانی خزمەتی مەدەنی بەرکار لە هەرێم بیانگرێتەوە ، ئەم یاسایە دەرچوێندرا .

بسم الله الرحمن الرحيم

**إقليم كوردستان – العراق**
**رئاسة الاقليم**
**الرئيس**

**باسم الشعب**

**قرار**

**رقم ( ٥ ) لسنة ٢٠١٠**

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا فى الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بناءاً على ما شرعه برلمان كوردستان – العراق في جلسته المرقمة (١٦) في ٢٠١٠/٦/٢١ قررنا إصدار :

## قانون رقم ( ٥ ) لسنة ٢٠١٠

## قانون وزارة المالية و الأقتصاد لأقليم كوردستان - العراق

**المادة الأولى :**

يقصدبالتعابير الأتية المعاني المبينة ازاءها لأغرض هذاالقانون :

**أولاً:** الاقليم: إقليم كوردستان – العراق .

**ثانياً:** الوزارة : وزارة المالية و الأقتصاد للاقليم .

**ثالثاً:** الوزير: وزير المالية و الأقتصاد للاقليم .

**رابعاً:** الوكيل: وكيل وزارة المالية و الأقتصاد للاقليم .

**خامساً:** المجلس: مجلس الوزارة .

**المادة الثانية :**

تهدف الوزارة الى وضع الاسس العامة لأدارة وتنظيم الموارد المالية والأقتصادية و مراقبة ملائمة التصرف بها وتحقيق الأستخدام الامثل لها و وضع اسس واتجاهات التخطيط المالي و الأقتصادي للاقليم و تحديد الاطار العام التفصيلي لعناصر الخطة المالية و الأقتصادية ضمن اطار السياسة العامة لها وخطط التنمية الاقليم .

**المادة الثالثة:**

**أولاً:** الوزير: هو الرئس الأعلى للوزارة و المسؤول عن أعمالها توجية سياستها و الاشراف و الرقابة عليها و تصدر منة تنفذ بأشرافه جميع القرارات و التعليمات و الأوامر في كل ما له علاقة بمهام الوزارة و تشكيلاتها و صلاحياتها وسائر شؤونها الفنية و الادارية و المالية و التنظيمية وفق احكام القانون و يكون مسؤولاً أمام مجلس الوزراء بصفته عضواً متضامنا فيه ، و له تخويل بعض صلاحياته الى الوكيل او المدراء العامين أو من يراه مناسباً و يتولى التنسيق مع البنك المركزي العراقي في كل مايتعلق بتنظيم و رسم السياسة النقدية و الصيرفية الاشراف على فروع البنك المركزي العراقي في الاقليم .

**ثانياً:** مكتب الوزير : يرأسه موظف بدرجة مدير من ذوي الخبرة والكفاءة و يتولى المهام الموكلة اليه من قبل الوزير و يكون مسؤولاً عن تنظيم و حفظ السجلات و المراسلات الخاصة بالوزير و يعاونة عدد من الموظفين .

**ثالثاً:** مديرية الرقابة و التفتيش المالي : ترتبط مباشرة بالوزير و تتولى اعمال الرقابة الداخلية في الوزارة و الدوائر التابعة لها و كذلك تقوم باعمال التدقيق و التفتش فى كافة دوائر الاقليم في حالة وجود اختلاس أو تلاعب بالاموال العامة و مراقبة كيفية التصرف بها ، يرأسها موظف بدرجة لا تقل عن مدير و يحمل شهادة جامعية و له خبرة و أختصاص .

**رابعاً:** مديرية العلاقات و الاعلام : ترتبط مباشرة بالوزير ، يرأسها موظف بدرجة لاتقل عن مدير يحمل شهادة جامعية، و من ذوي الخبرة و الاختصاص .

## المادة الرابعة :

**أولاً:** وكيل الوزارة : يساعد الوزير في تنفيذ سياسة الوزارة و الاشراف على شؤونها و ما يخول له من صلاحيات من قبل الوزير .

**ثانياً:** مكتب وكيل الوزير : يرأسه موظف بدرجة مدير ، ومن ذوي الخبرة والكفاءة يتولى المهام التي تناط به من الوكيل .

**ثالثاً:** مركز التدريب و التطوير المالي و الاداري الأقتصادي : يرأسه موظف بدرجة مدير يحمل شهادة جامعية و له خبرة و اختصاص و يعاونه عدد من الموظفين .

## المادة الخامسة :

هيئة المستشارين : تتكون الهيئة من اربعة مستشارين من ذوى الخبرة و الاختصاص و على ان يكونوا حاصلين في الاقل على شهادة جامعية أولية على الاقل في الاختصاصات التالية :

١– الشؤون الادارية و المالية .

٢– الشؤون المصرفية .

٣– الشؤون الأقتصادية و التجارية

٤– الشؤون القانونية .

## المادة السادسة :

### المجلس :

١–يشكل في الوزارة مجلس برئاسة الوزير ويضم في عضويته كلاً من :

أ– وكيل الوزارة – عضواً

ب– المستشارون – اعضاء

ج– المدراء العامين في الوزارة – اعضاء

د– أي اختصاصي من داخل الوزارة او خارجها ممن يرتأي الوزير الاستعانة به عند الضرورة دون ان يكون له حق التصويت .

٢- يتولى المجلس مناقشة الخطة العامة للوزارة و إقرارها و متابعة تنفيذها و اقتراح السياسة المالية والأقتصادية مناقشة التقارير الدورية و دراسة المعوقات التي تعترض مسيرة اعمالها و اقتراح الحلول العلمية لها و دراسة مشروعات القوانين والانظمة و التعليمات المتعلقة بأعمالها و إبداء الرأي في كل مايعرض عليه من قضايا .

**المادة السابعة :**

**مديرية الديوان العامة :**

يرأسها مدير عام حاصل على شهادة اولية و من ذوي الخبرة و الاختصاص .

**المادة الثامنة :**

**مديرية الموازنة العامة :**

تتولى مسؤولية التخطيط واعداد الموازنة للا قليم و دراسة مكونات و مراحل الموازنة العامة وتقسيمها ، وكذلك الاقرار الاولي لخطط القوى العاملة (الملاكات) لدوائر الاقليم و تأمين اعتماد المبالغ اللازمة لها و إبداء الرأي في التشريعات المالية المختلفة ، واجراء البحوث و الدراسة التحليلية للوضع المالي و الموازنة الجارية وفق اساليب التخطيط المالي و اصدار تعليمات تنفيذ الموازنة ، ويرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية و من ذوي الخبرة والاختصاص .

**المادة التاسعة :**

**مديرية المحاسبات العامة :**

تتولى الاشراف على السيولة للخزينة العامة و كيفية التصرف بها لتنفيذ الموازنة العامة للاقليم بقسميها الجاري و الاستثماري ، و تطوير النظام المحاسبي الملائم لتنظيم الجانب المالي لنتائج تنفيذها، و السيطرة المحاسبية للتصرفات المالية لجميع الوحدات المنفذة لها، و تحديد البيانات المحاسبية لوحدات القطاع الحكومي الممولة مركزيا و عرض النتائج وفق الاصول المحاسبية ، و تطوير نظم الرقابة الداخلية للتصرف بالأموال العامة و توفير مستلزمات نجاحها و الاشراف على تنفيذها بما في ذلك الرقابة السابقة و اللاحقة للصرف ، و التحقيق في المخالفات المالية التي يناط امر تنفيذها بالوزارة ، يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية و من ذوي الخبرة و الاختصاص.

**المادة العاشرة :**

**المديرية العامة للضرائب و العقارات :**

تتولى ادارة متطلبات تحقيق الضرائب وجبايتها و تنظيم حساباتها و متابعة ديونها و تحديد ديونها و تحديد اجراءات و اسس الجباية ، كما تتولى حق الملكية العقارية للاقليم من الناحية النوعية و المكانية و تنظيمها و مسك السجلات اللازمة بذلك بمعزل عن الجهات المختصة و تنفيذ قرارات التخصيص و التشريعات الخاصة لبيع و ايجار العقارات المملوكة للاقليم و كذلك ادارة و بيان العقارات التي تناط مسؤولية ادارتها وبيعها بوزارة المالية و الأقتصاد و يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية و من ذوى الخبرة و الاختصاص .

**المادة الحادية عشرة:**

**المديرية العامة للگمارك :**

تتولى تنفيذ القوانين الكمركية و ما يعده من اجهزة الاقليم المختلفة من اوامر و قرارات و تعليمات و ضوابط ذات صلة باختصاصات المديرية العامة و تحديد اسس والمبادئ اللازمة لتسهيل عملية تنفيذ الخطط اللازمة لمكافحة التهريب ودراسة التشريعات الكمركية النافذة ، يرأسها مدير عام يحمل شهادة جامعية و من ذوى الخبرة و الاختصاص و ترتبط بها مديريات الكمارك الفرعية في الاقليم .

**المادة الثانية عشرة:**

**مديرية التقاعد العامة:**

تتولى تنفيذ التشريعات التقاعدية و احتساب خدمات منتسبي الاقليم من الموظفين و العسكريين و قوى الامن الداخلي لغرض تخصيص الرواتب والمكافأت التقاعدية لهم و لعوائلهم وصرفها للمستحقين منهم و وضع الاسس و المبادئ و اصدار التعليمات و رفع المقترحات لتطوير هذه التشريعات على ضوء ما يستجد من امور و ما يواجه التطبيق من مشاكل في اطار سياسة الاقليم المالية يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية و من ذوي الخبرة و الاختصاص وترتبط بها مديريات التقاعد في الاقليم .

**المادة الثالثة عشرة:**

**المديرية العامة للمصارف التجارية :**

يرأسها مدير عام حاصل على شهادة الجامعية ومن ذوي الخبرة والاختصاص وترتبط بها :

١- مديريات مصارف الرشيد .

٢- مديريات مصارف الرافدين .

٣- مديريات مصارف هەريم .

**المادة الرابعة عشرة:**

**المديرية العامة للمصارف الاختصاصية :**

يراسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية و من ذوي الخبرة و الاختصاص و ترتبط بها :

١- مديريات المصارف الزراعية و الصناعية.

٢- مديريات المصارف العقارية.

**المادة الخامسة عشرة:**

**الشركة العامة للتأمين :**

تتولى اعمال التأمين على الممتلكات و الاموال العامة و الخاصة و كذلك التأمين على الاشخاص (تأمينات الحياة) وفي ظل التشريعات النافذة في هذا المجال ، يراسها مدير عام حاصل على شهادة الجامعية و من ذوي الخبرة و الاختصاص وترتبط بها فروع الشركة في المحافظات .

## المادة السادسة عشرة:

## المديرية العامة للشؤون القانونية :

تتولى تفسير الاحكام المالية و تشريعات النافذة و دراسة مشاريع القوانين والانظمة و ابداء الرأي و المشور في المسائل القانونية المتعلقة بأمور الخدمة المدنية التي تعرض على الوزارة من دوائر الاقليم و كذلك اعداد الصيغ القانونية للعقود و مشاريع القوانين و الانظمة و التعليمات ذات العلاقة بعمل الوزارة و تمثل الوزارة أمام المحاكم ، يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية في القانون.

## المادة السابعة عشرة:

**أولاً:** يحدد بنظام مهام و اختصاصات تشكيلات الوزارة .

**ثانياً:** للوزير استحداث او الغاء او دمج اي من و مديريات أو الأقسام أو الشعب عند الاقتضاء.

## المادة الثامنة عشرة:

**أولاً:** يلغى قانون وزارة المالية و الأقتصاد رقم ١٣ لسنة ١٩٩٢ .

**ثانياً:** لايعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون .

## المادة التاسعة عشرة:

على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون .

## المادة العشرون:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) .

**مسعود بارزانى**

**رئيس اقليم كوردستان - العراق**

**<u>هەولێر</u>**

**٨/تموز/٢٠١٠ ميلادية**

**١٧/پوشپەڕ/٢٧١٠ كوردية**

**٢٦/رجب/١٤٣١ هجرية**

## الاسباب الموجبة

بغية توحيد وزارتي المالية في اقليم كوردستان في وزارة واحد باسم وزارة المالية و الأقتصاد ، لغرض قيام الوزارة بمهامها في تنظيم الاحوال المالية و الأقتصادية و مراقبة سلامة التصرف بالمال العام و الممتلكات العامة وتحقيق الاستخدام الامثل للموارد المالية في الاقليم فقد شرع هذا القانون .

بسم الله الرحمن الرحيم

**إقليم كوردستان – العراق**
**رئاسة الاقليم**
**الرئيس**

## باسم الشعب
## قرار
## رقم ( ٦ ) لسنة ٢٠١٠

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا فى الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بناءاً على ما شرعه برلمان كوردستان – العراق في جلسته المرقمة (١٨) في ٢٠١٠/٦/٢٣ قررنا إصدار :

## قانون رقم ( ٦ ) لسنة ٢٠١٠
## قانون وزارة الزراعة و الموارد المائية في إقليم كوردستان – العراق

### الفصل الأول
### التعاريف و الأهداف

**المادة الأولى :**

يقصد بالمصطلحات و التعابير الآتية المعاني المبينة ازاءها لأغراض هذا القانون :

**أولاً:** الأقليم : أقليم كوردستان – العراق .

**ثانياً:** الوزارة : وزارة الزراعة و الموارد المائية للاقليم .

**ثالثاً:** الوزير : وزير الزراعة و الموارد المائية للاقليم .

**المادة الثانية :**

تسعى الوزارة لتنفيذ المهام و تحقيق الاهداف الاتية :

**أولاً:** وضع الاستراتيجيات و السياسات و الخطط لتطوير و تنمية و استثمار القطاع الزراعي (النباتي و الحيواني) و الموارد المائية (السطحية و الجوفية ) في الاقليم لتحقيق الاستخدام الأمثل للثروة المائية و تنفيذ الخطة الاستراتيجية الخمسية للقطاع الزراعي من أجل تحقيق الاكتفاء الذاتي في المواد الغذائية للاقليم من المنتجات الزراعية ٠

**ثانياً:** اعداد دراسات الجدوى الفنية والأقتصادية للمشاريع العائدة للوزارة و القيام بالدراسات الخاصة منها دراسات مسح التربة و اعداد خارطة الانتاج الزراعي واجراء الأبحاث العلمية و وضع التصاميم الهندسة و اعداد المناهج التنموية و العمل على الاشراف و المتابعة لتنفيذ مشاريع الوزارة وفقاً للخطط المقررة ٠

**ثالثاً :** انشاء المشاريع الاستراتيجية منها انشاء السدود و المشاريع الاروائية و مشاريع الحفاظ على ثروات المياه السطحية و الجوفية بأستخدام التقنيات الحديثة ٠

**رابعاً** : العمل على اعادة تنظيم البنية التحتية للقطع الزراعي بما يحقق تنمية الانتاج الزراعي بشقيها النباتي و الحيواني ٠

**خامساً** : وضع الخطط الخاصة بدرء اخطار الفيضان و السيطرة على السيول و ادارة احواض الانهر و تنظيم توزيع المياه و مواجهة الجفاف و معالجة اثاره على الموارد المائية .

**سادساً**: اقامة المختبرات و محطات التجارب و تطوير مراكز البحوث الزراعية و اجراء التجارب العلمية بالتعاون مع الجامعات والعمل على تعميم نتائج البحوث وايصالها الى الفلاحين عن طريق اجهزة الارشاد الزراعي بهدف تطوير الانتاج كما و نوعا ٠

**سابعاً** : اقتراح و بحث الوسائل الكفيلة باستغلال الاراضي الزراعية و العمل على استثمارها و حمايتها و معالجة نوعية المياه و تطوير و تحسين منشآت الري و التربة بالتشديد على تنفيذ القوانين الزراعية و المائية و البيئية بما تنسجم مع المعايير الدولية .

**ثامناً** : تنفيذ القوانين الخاصة بتثبيت الحقوق التصرفية في الاراضي الزراعية للفلاحين وتسوية الاراضي غير المنتهية تسويتها او التي لم تكتسب قرارات تثبيت حقوق الاراضي فيها الدرجة النهائية بموجب قانون الاصلاح الزراعي .

**تاسعاً** : التوجه نحو تكوين الوحدات الكبيرة للانتاج الزراعي و تشجيع الوحدات الصغيرة بالدمج والتكامل.

**عاشراً** : العمل على تشجيع و تنظيم الاستثمار في القطاع الزراعي بشقيه النباتي و الحيواني و القطاع المائي و تقديم التسهيلات اللازمة لها بغية المساهمة في التنمية الزراعية في الاقليم .

**حادي عشر** : العمل على احياء و تنمية و تطوير مشاريع الثروة الحيوانية و ملحقاتها في الاقليم و اتباع الاساليب العلمية لحماية هذه الثروة من الامراض و زيادة الانتاج و تحسين نوعياتها .

**ثاني عشر** : العمل الدؤوب و التخطيط العلمي لمواجهة الافات و الامراض و الاوبئة و توفير السبل الكفيلة للوقاية منها و الحد من انتشارها .

**ثالث عشر** : الاهتمام بالبستنه و الغابات ( الطبيعة و الاصطناعية ) و المراعي و حمايتها لكونها ثروة قومية و وطنية و دعم المحميات الطبيعية .

**رابع عشر** : تنمية الموارد البشرية و تقديم الخدمات الارشادية و توعية الفلاحين و المزارعين للاستخدام الامثل للثروة المائية وعناصر الانتاج الزراعي والاعتماد على التكنولوجيا والمستلزمات الزراعية العصرية بما يخدم تنمية القطاع الزراعي في الاقليم .

**خامس عشر** : اعتماد السياسات الخاصة بالادارة المتكاملة للموارد المائية و التشديد على القوانين والزام القطاعات المستخدمة لها على تطبيقها حفاظاً على الثروة المائية في الاقليم و العمل بالتنسيق مع الوزارات او المؤسسات الحكومية الاخرى و كذلك المنظمات الحكومية التابعة للأمم المتحدة من أجل تطوير القطاع الزراعي و الموارد المائية و الاضطلاع بالدور الحيوي في القرارات المحلية و الوطنية و الاقلمية و الدولية للموارد المائية وتوصياتها٠

**سادس عشر** : تشجيع الفلاحين في اقامة الجمعيات التعاونية الزراعية التخصصية للقطاع الخاص و مساهمتها من اجل تكوين الوحدات الانتاجية الكبيرة .

**سابع عشر :** تشجيع الصناعات الغذائية بالسبل الكفيلة لذلك و توفير الخامات الزراعية للصناعة .

**ثامن عشر :** الاهتمام بالثروة السمكية وتربية النحل .

**تاسع عشر :** حماية المنتجات الزراعية المحلية و وضع السياسات التسويقية و التخزينية و المشاركة في تحديد الاسعار للمنتجات الزراعية ٠

## الفصل الثاني
## تشكيلات الوزارة

### المادة الثالثة:

تتكون الوزارة من التشكيلات الاتية :-

**اولاً :** الوزير : هو الرئيس الاعلى للوزارة و المسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها والاشراف و الرقابة عليها و تصدر منه و تنفذ باشرافه جميع القرارت و الاوامر و التعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة و تشكيلاتها و صلاحياتها و سائر شؤونها الفنية و المالية و الادارية و التنظمية وفق أحكام القانون ويكون مسؤولا امام مجلس الوزارة بأعتباره عضواً متضامنا فيه و له تخويل بعض من صلاحياته الى أي من وكيلي الوزارة او المدراء العامين او من يراه مناسباً في الوزارة .

**ثانياً:** وكيلا الوزارة :

أ- وكيل الوزارة للشؤون الزراعية :

يساعد الوزير في تنفيذ سياسة الوزارة و الاشراف على شؤونها الخاصة بالزراعة ، و يمارس المهام الموكلة لة من قبل الوزير في ادارة شؤون الوزارة على ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية اولية و من ذوي الخبرة و الاختصاص .

ب- وكيل الوزارة لشؤون الموارد المائية :

يساعد الوزير في توجيه الوزارة و الاشراف على شؤونها الخاصة بالموارد المائية و يمارس المهام الموكلة له من قبل الوزير في ادارة شؤون الوزارة على ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية اولية و من ذوي الخبرة و الاختصاص .

**ثالثاً :** مكتب الوزير :

يرأسه و يديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية و من ذوي الخبرة والكفاءة و يعاونه عدد من الموظفين .

**رابعاً :** مكتبا وكيلي الوزارة :

يدار كل مكتب من قبل موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية و يعاونه عدد من الموظفين ٠

**خامساً :** المستشارون

لايزيد عددهم عن اربعة و ان يكونوا من حملة الشهادة الجامعية الاولية و لكل واحد منهم خبرة وممارسة في احدى اختصاصات و اعمال الوزارة الاساسية .

**سادساً** : المديريات العامة :

تتالف الوزارة من المديريات العامة التالية و يرأس كل منها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية و من ذوي الخبرة و الاختصاص ٠

١- المديرية العامة للديوان :

تختص بالشؤون الادارية و المالية في ديوان الوزارة وتشرف على تشكيلات الوزارة وتتابع اعمالها ضمن اختصاصها.

٢- المديرية العامة للسدود والخزانات المائية :

تختص بتهيئة مستلزمات مشاريع السدود الكبيرة و الصغيرة و تنفيذها و اشرافها و تشغيل و صيانة منشأتها و تنظيم و خزن و اطلاق المياه.

٣- المديرية العامة للاراضي الزراعية :

تختص بتطبيق قوانين الاراضي النافذة في الاقليم و تنظيم و توفير الاراضي للاستثمارات و المشاريع الزراعية .

٤- المديريات العامة للزراعة في مركز محافظات الاقليم وادارة گرميان الخاصة :

تتولى الاشراف على تنفيذ المشاريع الزراعية في المحافظة و ترتبط بها مديريات و فروع الزراعة في حدود كل منها .

٥- المديرية العامة للتخطيط والمتابعة :

تختص بوضع الخطط الاعتيادية والاستراتيجية والاستثمارية واعداد التصاميم للمشاريع الهندسية و متابعة تنفيذ الخطط و العمل على ضبط الاحصاء و القوى العاملة و النظم المعلوماتية و الاشراف و متابعة مهمات مديرية الخدمات الزراعية في الوزارات و المحافظات .

٦- المديرية العامة للبحوث والارشاد الزراعي :

مهامها اجراء الابحاث الزراعية و المائية و ارشاد الفلاحين و نقل نتائج البحوث الى حقول الفلاحين .

٧- المديرية العامة للبستنة والغابات والمراعي :

تختص بشؤون الغابات الطبيعية والاصطناعية والبستنة و المراعي .

٨- المديرية العامة للثروة الحيوانية و البيطرة :

تختص بالثروة الحيوانية و الدواجن و الاسماك و الطب البيطري .

٩- المديرية العامة للموارد المائية :

تختص بالاشراف على تنفيذ مشاريع المياه السطحية و الجوفية منها مشاريع الري و تقييم الخزانات الجوفية و حفر الآبار و توفير المياه لاغراض متعددة .

١٠- المجلس الاستشارية للوزارة و يتألف من :

أ- الوزير .

ب- وكيلا الوزارة .

ج– المستشارون في الوزارة .

د– المدراء العاملين في الوزارة .

هـ– رئيس اتحاد الفلاحين في الاقليم .

و– للوزير استضافة ممثلين عن الوزارات الاخرى ذات العلاقة او خبراء من خارج الوزارة عند الضرورة ، دون ان يكون لهم حق التصويت .

**المادة الرابعة :**

للوزير التعاقد مع الاشخاص الطبيعية والمعنوية من ذوي الخبرة و الاختصاص من داخل الاقليم او خارجه للقيام بالمهام التي توكل اليهم و للمدة التي يراه مناسبة بعد استحصال موافقة مجلس الوزارة و تحدد حقوقهم و واجباتهم من قبل الوزير وفقاً للقوانين والتعليمات المعمول بها .

## الفصل الثالث
## احكام عامة وختامية

**المادة الخامسة :**

**اولاً** : تحدد مهام التشكيلات وتقسيمات الوزارة بنظام .

**ثانياً** : للوزير استحداث او دمج او الغاء اي من المديريات او الفروع او الاقسام او الشعب او الوحدات ضمن تشكيلات الوزارة وفق متطلبات عملها عند الاقتضاء .

**ثالثاً** : للوزير إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون .

**المادة السادسة :**

تحل وزارة الزراعة و الموارد المائية محل وزارة الزراعة و وزارة الموارد المائية اينما وردتا في القوانين والانظمة النافذة والتي تخص الزراعة و الموارد المائية .

**المادة السابعة :**

**اولاً** : يلغى قانون وزارة الزراعة رقم (١) لسنة ٢٠٠٧ و وزارة الموارد المائية رقم (٩) لسنة ٢٠٠٦ .

**ثانياً** : تؤول جميع حقوق و موجودات و التزامات و ملاكات وزارتي الزراعة و الموارد المائية الى الوزارة .

**المادة الثامنة :**

لايعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون ٠

**المادة التاسعة :**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون .

**المادة العاشرة :**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية ( وقائع كوردستان ) .

**مسعود بارزاني**
**رئيس اقليم كوردستان - لعراق**

هەولێر
٨/ تموز/٢٠١٠ ميلادية
١٧/ پوشپەڕ/٢٧١٠ كوردية
٢٦/ رجب/١٤٣١ هجرية

## الاسباب الموجبة

لكون اقليم كوردستان – العراق اقليماً غنياً بالموارد الزراعية و المائية و لأهمية المياه في معظم مجالات الحياة و دورها الكبير في تنمية الاقتصاد و لغرض تطوير و تحسين الانتاج الزراعي و ايجاد الحلول السلمية للمعوقات الموجودة لتحقيق الاستخدام الامثل للامكانيات الطبيعية و المادية و البشرية و الموارد المائية في الاقليم لغرض تهيئة الاجواء الملائمة لاعادة بناء البنية التحتية للقطاعين الزراعي و المائي و تحقيق الاكتفاء الذاتي من المواد الغذائية الضرورية و الامن الغذائي و المائي و احياء القرى و الارياف و بالنظر الى دمج وزارة الزراعة و وزارة الموارد المائية في وزارة واحدة ( وزارة الزراعة والموارد المائية ) و التغييرات الحاصلة في تشكيلاتها شرع هذا القانون .

بسم الله الرحمن الرحيم

**إقليم كوردستان – العراق**
**رئاسة الاقليم**
**الرئيس**

**باسم الشعب**

**قرار**

**رقم ( ٧ ) لسنة ٢٠١٠**

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا فى الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١)ى لسنة ٢٠٠٥ المعدل وبناءاً على ما شرعه برلمان كوردستان – العراق في جلسته المرقمة (١٨) في ٢٠١٠/٦/٢٣ قررنا إصدار :

## قانون رقم ( ٧ ) لسنة ٢٠١٠

## قانون التعديل الأول لقانون ا تحاد غرف التجارة و الصناعة في إقليم كوردستان – العراق المرقم ( ١٤ ) لسنة

**المادة الأولى :** تعدل المادة الثانية و الثلاثون و يضاف الاتي اليها و تكون الفقرة (٣) لها .

٣– (مضافة) تسرى أحكام قوانين الخدمة و التقاعد المدنية النافذة في الاقليم على الموظفين في أتحاد غرف التجارة و الصناعة في الاقليم المعينين المستمرين في الخدمة قبل نفاذ القانون رقم (٤٣) لسنة ١٩٨٩ .

**المادة الثانية :** يضاف الاتي الى القانون و تكون المادة الثلاثة و الثلاثون (مكررة):

تنقل حقوق المشمولين بأحكام الفقرة (٣) من المادة الأولى من هذا القانون من مديرية التقاعد و الضمان الاجتماعي التابعة لوزارة العمل و الشؤون الاجتماعي الى مديرية التقاعد العامة التابعة لوزارة المالية و الاقتصاد في الاقليم .

**المادة الثالثة :** على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون .

**المادة الرابعة :** ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية ( وقائع كوردستان ) .

**مسعود بارزانى**
**رئيس اقليم كوردستان - العراق**

هەولێر
٨/ تموز/٢٠١٠ ميلادية
١٧/ پوشپەڕ/٢٧١٠ كوردية
٢٦/ رجب/١٤٣١ هجرية

**الاسباب الموجبة**

بغية رفع الغبن عن شريحة من منتسبي اتحاد غرف التجارة والصناعة في الاقليم المستمرين في الخدمة قبل نفاذ القانون رقم (٤٣) لسنة ١٩٨٩ و اخضاعهم لأحكام قوانين الخدمة والتقاعد المدنية النافذة في الاقليم فقد شرع هذا القانون .